www.kurdistannet.org
12:08 10-2-2006بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کاک جەمال نادر و "هەستی " قبوڵکردنی بەرامبەر ... محەمەد ڕەزا مەنمی

ئەمەی لێرەئەیخوێننەوەوەڵامێک نی یەبۆ بەڕێز کاک جەمال، بەقەد ئەوەی هەنگاوێکەبۆ بەخۆداچونەوەو دروست بوونی دایەلۆگ و هەستکردن بەبەرپرسیاریەتی لەوەی تۆ چۆن بیردەکەیتەوە، وەدەتەوێت چی بەبەرامبەرەکەت بڵێیت. وا "هەست" دەکەم بەدەر لەهەموو ئەو قیەمانەی کەبەڕێزیان بانگێشەی بۆ دەکەن چەند قسەیەکی خستۆتەپاڵ یەك کەبەتەواوی پێچەوەنەی ئەو سەرەتا یا نەیەکەڕێگرن لەهەمبەر سوکایەتیکردن بەهەموو ئەو "پیرۆزیانەی" کەماناو شێوەی جیاواز جیاوازیان هەیەلەمرۆڤێکەوەبۆ یەکێکی تر.

سەراتا دەمەوێت ئەوەبڵێم کەبەڕێزی بەچ پەیا م و یاسا و ڕێسایەکی ئاسمانی و مرۆیی مافی ئەوەبەخۆی دەدات کەهەموو ئەو کەسانەی داکۆکی دەکەن لەمەریوان هەڵەبجەیی یاخود لەو کارتوونانەی کەلەڕۆژنامەی جیللاندس – پۆستێن ی دانیمارکی دا بڵاوکرانەوەبەبێ هەست وەسف بکات؟ ئەمەلەکاتێك دا خودای گەورەهەستی بەمرۆڤەکان بەخشیوەو مرۆڤەکانی ئازاد کردوەکەئازادانەبیربکەنەوەبەئەندازەیەك کەئەوەندە ئازادیت تەنانەت تا ئاستی کوفر کردن (فمن شاء فلیؤمن ومن شاء فلیکفر) . ئایا ئەمەم قسانەی بەڕێزتان ڕەتکردنەوەی ئەو ڕێزەنیەکەپەروەردگار بەمرۆ ڤەکانی داوە؟

لەلایەکی تر دا ئەگەر هەڵەم نەکردبێ یاخود ئەوەندەی من لەمانای زمانەوانی (هەست) تێگەیشتبم ئەوەی کاک جەمال باسی دەکات دوورەلەهەموو ماناکانی هەست. دەمەوێت لەبەڕێزیان بپرسم مەبەست لە" هەستی قبیەم لەخوددا" چی یە؟ ئایا تەنها سەردێڕی "ووتارەکەی" بەڕێزت ما نای سڕینەوەی ئەو بەرامبەرەنا گەیەنێت کەکارەکتەرێکەو بوونی ئەو فاکتەری دروست بوونی ئەو ڕێزەیەکەبەڕێزت بانگێشەی بۆ دەکەیت؟

محەمەد ڕەزا مەنمی
خوێندکاری فەلسەفە
زانکۆی ئۆکسفۆرد/ بەریتانیا